# ڕوکنی پێنجەم و کۆتایی ئیمانە

## چۆنیەتی دروستبوونی ئیمان بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

**چۆن ئیمان لە ناوەوەی مرۆڤ بە پێغەمبەران دروست دەکرێت؟ بەشەکانی چۆنییەتی ئیمان هێنان بە خودای ڕەحمان و بە ڕۆژیی دوایی چین؟ گوتمان ئەوانە دوو بنچینەی سەرەکین لە ڕوکنەکانی ئیماندا، ئەوەی دەمێنێتەوە بنەماو بناغەکانی تر پاشکۆی ئەم دوو بنچینەیەن، لقێکی تازە لە بابەتەکە هەیە، چۆن ئیمان لە ناوەوەمان بەگوێرەی (أنبیاء و الرسل) دروست دەکرێت؟ بەتایبەتی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات).**

**بنچینەی ئیمان دوو ڕەهەندە"**
**یەکەم: (الإیمان بالله)**
**دووەم: (الإیمان بالیوم الآخر)**
**سێ دانەکەی دیکەش تەواوکەریەتی کە:**
**یەکەم: الإیمان بالملائکة.**
**دووەم: الإیمان بالکتب.**
**سێهەم: الإیمان بالرسل.**

## هەرچی چاکەیە لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە

باسی ئەوەمان کردیە کە فیطڕە لە ناوەوەی مرۆڤدا دروست کراوە، فیطڕە ئامێرێکە لە ناوەوەی مرۆڤ کە خودای ڕەحمان لە بنچینەدا دایناوە. گوتمان ئەم ئامێرەش زەمینەو شوێنی جوگرافییە لۆ دروست کردنی ئیمان، ئەم ئامێرە تەنیا لە ناو ناوەوەی مرۆڤ نییە و بەس، بەڵكو ڕووەك و ئاژەڵیش ئەم جۆرە فیطڕەی هەیە و خودای ڕەحمان بە سپاردە پێی داوە، تاكو بتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات و ئەو ئامانجەی كە خودای ڕەحمان ئەم ئاژەڵ و ڕووەك و مرۆڤەی لۆ دروست كردووە بتوانێت بیهێنێتە بوون، هەروەها خودای ڕەحمان فیطرەكەی بەم جۆرە لە نێو هەموو دروستكراوەكاندا دروست كردووە، بە تایبەتی لەناو ئاژەڵ و ڕووەك ئینجا لە نێو مرۆڤ، كە هەرچی چاكە فیطڕەكەی پاڵی پێوە بنێت لۆ كردنی و هەرچی خراپەش بێت لێی دوور بكەوێتەوە، كاتێك مرۆڤەكە دێت ئەم حاڵەتە لەسەر خۆی جێبەجێ دەكات، ئەوا لە قورئان دوو زاراوەی تری لۆ بەكارهێنراوە، ئەوانیش: حەڵاڵ و حەرامن، هەرچی چاكەیە خودای ڕەحمان بە چەمكی وشەی حەڵاڵ لە قورئان و حیكمەتی ڕەسول ڕوونی كردۆتەوە، یان هەرچی خراپەیە لۆ خودی ئەو كەسە بە چەمكی حەرام ئاماژەی پێداوە.

نموونەمان لۆ ئەمە هێنایەوە، هەر لە بچووكترین و سادەترین بوونەوەر، مەخلوق، هەتا هێدی هێدی ئاڵۆز دەبێت و دەگاتە خودی مرۆڤ، كەواتە" ویستی خودای ڕەحمان لەناو ناوەوەی مرۆڤ بە سپاردە (أمانة)ت دانراوە، ئەگەر بێتوو دروستكراوەكان بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان جووڵە و چالاكییان بوو، ئەو كاتە ئەرك و پەیامی خۆیان بەجێ گەیاندووە، لەبەر ئەوەی هەموویان بژاردەیان پێ نەدراوە (موسەیەڕن)، بە تێگەیشتن و زاراوەی نێو خۆمان لۆ ئەم شتە ژێربارکراو (مسخر)ن، هەموو ئەم ئەركەیان بەجێ دەگەیەنن، بەبێ ڕاوەستان بەبێ بەربەرەكانی و ڕووبەڕووبوونەوە، تەنیا مرۆڤ و جن بژاردەیان پێدراوە (موخەیرن)، تەیسیریان پێدراوە، تا بتوانن بە كردەیی فیطڕەی خۆیان كە خودای ڕەحمان چاكەو خراپەی تێدا خەلقكردووە بە چەمكی حەڵاڵ و حەرام لەسەر بنەمای ئازادی بە هەبژاردنی خۆیان لە واقیعدا بیهێننە بوون، لۆ ئەوەی بە كردەیی خودی ئەو كەسە كە خودای ڕەحمان بەم ویستە جۆرییە (نوعي)ە لەم ئاستە بەرزە دروستیكردووە، تا ئەم مرۆڤە بە ویست و ئازادانە بتوانێت بیگاتێ.

## لە ڕێی پەرتووك و پەیامبەر فیطرە پاك دەبێتەوە

گوتمان فیطڕەكەش ویستی خودای ڕەحمانە لە خودی ئەو كەس و مەخلوقاتە، بە تایبەتی مرۆڤەكە لە ناوەوەی بە چەمكی حەڵاڵ و حەرام (إفعل، لا تفعل) ویستی خودای ڕەحمانی تێدایە، تا ئەگەر هاتوو پەیامبەران و پەرتووكەكانیش لۆ خودی ئەو كەسە نەبن، مرۆڤێكی نموونەیی بتوانێت بە گوێرەی فیطڕەی ناوەوەی خۆی خودای ڕەحمان لە خۆی ڕازی بكات، لۆیە دەڵێین ویستی خودای ڕەحمان لە ناو ناوەوەی مرۆڤەكەی دروستكراوە، مرۆڤەكە دەزانێت چاكەو خراپە لێك جیا

بکاتەوە، دەتوانێت خۆشی و ناخۆشی لەیەکتر جیا بکاتەوە و هەستیشی پێ بکات. زۆربەمان ئەوەمان تێبینی کردووە، منداڵ هەر لە هەفتەی یەکەم لەناو بێشکە یان لەسەر زەوی، ئەگەر سەیری بکەین زۆرجار زەردەخەنە دەکات، کەچی خەوی لێکەوتووە، یان شێواز و روخسار و دەم و چاوی منداڵەکەی دەگۆڕێت وەك ئەوەی ئازار و دڵتەنگییەکی هەبێت، ئەگەرچی تەمەنی یەك هەفتەیە.

لەمەوە دەردەکەوێت کە منداڵەکە بە فیطرەی خۆی کە تەمەنی یەك هەفتەیە هەست بە دڵتەنگی و ئازار یاخود بە شادمانی و خۆشی دەکات، کەچی هێشتا چاوەکانی هەڵنەهێناوە و گوێی نەکراوەتەوە، ئەمەیە مەبەستمان لە فیطرەی کە خودای ڕەحمان مەخلوقاتی پێوە خەلقکردووە. ئەگەر هاتوو ئەم مەخلوقە و بە تایبەتی مرۆڤەکە فیطرەی نەگۆڕا و ژینگە و نێوەندەکەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر نەبوو، ئەو کاتە ڕێك وەك ویستی خودای ڕەحمان گەشە و نەشونما دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی شەیتانی جۆراو جۆر لە ئینس و جن هەن، ئەوان دێن بەهیوای گۆڕینی ناخ کار لە سەر فیطرەی مرۆڤەکەی دەکەن، ئەوکات بەڕاستی کاریگەریی لەسەر خودی ئەو مرۆڤە دروست دەبێت، لۆ ئەوەی هەموو جوڵەکان سەرنەکەون و ئەوان خاوەنی بەڕێوەبردنەکە و پێشەنگی بوون نەبن. خودای ڕەحمان دێت بە دوو ڕەهەندی تر سەر لە نوێ ناوەوەی فیطرەی مرۆڤ پاك دەکاتەوە، ئەویش:

**یەکەم: لە ڕێگەی پەرتوکەکان (الکتب).**

**دووەم: لە ڕێگەی پەیامبەرەکان (الرسل).**

پەرتووکەکان ویستی خۆیەتی، هەر لە (صحف)ی ئادەمەوە بگرە هەتا دەگاتە قورئان کە لە (لوح المحفوظ)دا هەیە، بە گوێرەی کاتی دیاریکراو لەگەڵ شوێنەکەی و لەگەڵ بە شارستانی بوونی مرۆڤ لەم کات و شوێنەدا، ئەو کاتە بەشێك لە (لوح المحفوظ) لەم صوحوفەی هاتۆتە خوارەوە بەگوێرەی ویستی (الله)یە، لۆ ئەوەی دیسان مرۆڤ بگێڕێتەوە سەر فیطرەی خۆی پاش ئەوەی مرۆڤ لە فیطرە لایدایە. ئایەتەکانی خودای ڕەحمان هەر لە ئادەمەوە هەتا خاتەم پارچە پارچە لە (لوح المحفوظ) ویستی خودای ڕەحمان شیکردنەوەی وشەکانی پارچە کراوە، بەشێکی لۆ ئادەم وەکو پەیڕەوێك لە ژیان جێبەجێ بکات، بتوانێت بەشەرەکانی دەورووبەری خۆی بەرەو فیطرە پاڵ بنێت، لۆئەوەی چەمکی (الأمر و النهي)ی لەسەری جێبەجێ ببێت، ئەوە پاش ئەوەی زەمینەی ئیمان هەر لە بنەڕەتدا دروست دەبێ، پاشان نوح هێدی هێدی بە ڕیزبەندیی ئیبراهیم، موسا، زەکەریا، عیسا، هەتا بە ئاخیر رسول الله(علیه السلام و البرکات) دەگات.

بەڵام ئەم پەیوەندییە هەر ئاوایی و هەڕەمەکی نەبووە، ئەم پەرتووکانە بە هەوەسی خۆیان نەهاتوونەتە خوارەوە، بەڵکو خودای ڕەحمان پێناوێکی هەڵبژاردووە وەك پابەندێك لە نێوان خۆی و ئەم بەشەرییەتە کە لەو سەردەم و شوێنەدا ژیاون، بە گوێرەی سیفاتی دیاریکراو هەڵبژێردراون و ناوی ناون پەیامبەر(رسل)، ئەم پەیامبەرانە کۆمەڵێك سیفاتیان هەیە، ئەم پەیامبەرانە بوونەتە کایە و زەمینەی دابەزینی فەرمانی شەرعی خودای ڕەحمان و ویستی خودای ڕەحمان و وشەکانی ئەو

قورئانە، ئینجیل و تەورات و زەبوریش بە هەمان شێوەن. ئەو کۆمەڵە ئایاتانە، لۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو ئەو ئایاتانە بەشێوەیەکی ستوونی دابەزن، ئەو مرۆڤە بتوانێت هەر هەموو لایەنەکانی ئەو پەیرەوە لە ناوەوەی خۆی بە ڕاستەقینەیی و ڕەها وەربگرێت و هەڵمژێت، بتوانێت لە ناوەوەی خۆی زەمینەی ڕاستەقینەی لۆ دروست بکات و لۆ واقیعی بگوازێتەوە. ئەو کاتە ئەوە بە پەیامبەر (رسول) هەژمارکراوە، خودای ڕەحمان تەنیا بە وشەکان نەوەستاوە، بەڵکو فیطرەی مرۆڤەکەشی وەکو کاسێت (شريط التسجيل) دروست کردووە کە وشەکان بێنە خوارەوە لۆ سەر کاسێتەکە، ئەوا کاسێتەکە بتوانێت ئیشی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵکو لەهەمان کات نموونەیەکی هەڵبژاردووە هەر لە پۆلی بەشەرەکە بەگوێرەی چەند سیفاتێکی دیاریکراوەوە بژاری کردووە، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان باسیان دەکەین.

## هەموو مرۆڤێك (إقامة حجة)ی لە سەر دەكرێت

دیارە ئەم هەڵبژاردنە جۆرییە، لۆ ئەوەی بە کردەیی ئەو وشانەی کە بە ستوونی لەسەر ئەو پاکە دێنە خوار، ئەویش بتوانێت لە ئاستی ویستی خودای ڕەحمان سەدا سەدی تێبیگات و بیگرێتە خۆی، لە تواناشی داهەبێت لۆ دونیای واقیعی ببات، تێگەشتن و گرتنە خۆیەکە هەمووی لە پەرتوکەکان ناوی نراوە بە ئیمان، نەك بەڕاست زانین و تێگەیشتن، نەك باوەڕبوون (إعتقاد)، نەك قەناعەت، بەڵکو لە پەرتووکەکان ناونراوە بە ئیمان، ئینجا کە پەیامبەرەکە گواستۆتییەوە لۆ واقیع ناوەکەی بۆتە کردار (عمل) بە صالحیش دیایکراوە، بە کردار و صالحیشە، دیسان صەلاحەکەشی بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان ە، ئەو بەوە ڕازی دەبێت بەم جۆرە جێبەجێی بکات، فیطرەی مرۆڤەکە ویستی خودای ڕەحمان تێدا هەیە، خودای ڕەحمانیش وشەکانی دێنێتە خوارەوە دیسان ویستی خۆیەتی، ذاتەکەشی دروست کردووە و ناوی ناوە (رسول)، ئەم ویستەی خودای ڕەحمان بە شێوەیەکی ستوونی دێتە خوارەوە و فیطرەکەش لەناو ناوەوەی مرۆڤەکەدا هەیە، سەیرێکی ئەو کەسەی دەکات، ئەو هاویەکبوونە (التطابقية) دروست دەبێ لە نێوان ناوەوەی مرۆڤەکە لەگەڵ ئەو مرۆڤەی لە دەرەوەیە، ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن (التبيان و التفهيم)ی خودای ڕەحمان ئەو کاتە تەواو دەبێت، هیچ مرۆڤێك لەم بوونەدا بەڵگە و لە ڕۆژی دوایی بەهانەی (إقامة حجة) نامێنێت، تا بڵێت من نەم بینیووەو گوێم لێ نەبوو، نەمزانی تۆ چیت دەگوت یا ربي، مەبەست چییە؟ ئەگەر هاتوو کابرا نەخوێندەوار بوو، یاخود (خاوەن پداویستی تایبەت) کەڕ و لاڵ بوو، یان کوێر بوو یان ئەگەر ئاستێکی کەم لە شێتاتیشی هەبوو، ئەوا ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن (تبين و التفهيم)ی ویستی خودای ڕەحمانی بەم ڕیزبەندییە لەسەریدا دەکرێت.

کەواتە" پەیامبەرەکە لۆ ویستی خودای ڕەحمانی نموونەی کردەیی و پراکتیکی ڕاستەقینەی تاقیگەی ژیانە، باشترین پێناسە لۆ خودی (رسول الله) [عليه السلام و البركات] کرابێت لەم بوونەدا حەزرەتی عائیشە کردیتی، کاتێك پێناسەی پێغەمبەر [عليه السلام و البركات] دەکات، دەڵێ: (سئلت عن خلق

الرسول) فقالت: (كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنُ)(رواه الإمام أحمد)، (قورئانێك بوو) (كان قرآنا يمشى بين الناس)، ئەمە واتای چییە؟ واتە" ویستی خودای ڕەحمان بە سەدا سەد بە زاراوەی چەمکی شەرعی لەخودی رسول (الله)(عليه السلام و البركات) و ناوەوەی (رسول الله)(عليه السلام و البركات) لق و پۆپی بلاوە پێکردووەو ڕەگی داکوتاوە، ناوەوەی پێغەمبەر ئەوانەی هەمووی هەڵمژیوە، کە ئیمانداری یەکەمە (وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ)(الأعراف١٤٣ ) موسڵمان و ئیمانداری یەکەمە تا ئەوپەڕی پلە، لە هەمان کات ئەوەی هێناوەتە واقیع، لۆیە لەنێو لیستی بەشەرییەت لەناو دەستەی ئیمانداراندا پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) یەکەم کەسە کە بە کردەیی توانیبێتی هەموو ویستی خودای ڕەحمان تێبگات و بیگرێتە خۆی، کە هاتووە بە کردەوەی صالح هێناویەتییە واقیع، نموونەی وەکو ئەبو بەکر، عومەر و عثمان، لەهەمان کات ئێمەش کە فیطرەمان لەنێو ناوەوەدا هەیە، ئەویش نموونە و نوێنەری ڕاستەقینەیە لۆ ویستی خودا، ئەو هاویەکبوونەو هێزی ڕاکێشانەی ئێمە لەناوەوەی خۆمان دروستی دەکەین، چەمکی ئیمان هێنانە بە پەیامبەر(الرسول)، ئیمان هێنانە بە خودی رسول الله (عليه السلام و البركات).

گوتمان ئەو نوێنەرەش دەبێ سیفاتی تایبەتی خۆی هەبێت، کاتێك کۆلێژی سەربازی نەفەری لێ دەردەچێت واتە" ئەفسەرەکانی کە دەردەچن سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە، تەمەنی کابرای ئەوەندە بێت، توانستی زانستی لەم پلەیەدا بێت، درێژی باڵای ئەوەندە سانتیمەترە بێت. پاشان ئەزموونی توانای جەستەیی ئەنجام دەدات لۆ ئەوەی توانای ئەو مرۆڤە لەمانە هەمووی کۆ بکرێتەوە، ئینجا ئایا ئەو مرۆڤە دەتوانێت ئەو ماددەیە بەدەست بێنێت یان نا؟ بەبێ وێکچواندن (ولله المثل الاعلى) هەمان سیفات دەبێ لە (أنبياء و رسل) داهەبن، بەلام بەگوێرەی هەڵبژاردەی خودای ڕەحمان کەواتە" ئەم نمونانەی کە خودای ڕەحمان بە پێناو (وسيط) لە نێوان خۆی و بەشەردا هەڵیبژاردوون، مرۆڤەکان سیفاتی تایبەتییان هەیە، کە قورئان لە دوو خاڵ کۆیکردوونەتەوە:

ا: دەستپاکی (الأمانة).

ب: ڕاستگۆیی (الصدق).

ئەم دوو سیفەتە دەبێ لە ناوەوەیاندا هەبێت، پاشانیش لە ڕووی جەستەیی چاویان ساغ بێت و کەم ئەندام نەبن. بەگشتی لەسەر شەنگ و هێزی خۆیان بن، جگە لەمەش هەر پەیامبەرێك لە هەر سەردەمێك یاخود هەر (نبي)ێك لەهەر سەردەمێك هەڵبژێردرا بێت سیفاتی کەسێتی خۆیشی پێوە بووە، تا بتوانێت بە کردەیی و دروست، سەدا سەد نوێنەرایەتی پەیامەکە بکات.

سەیرێکی ئیبراهیم پێغەمبەر بکەن، خودای ڕەحمان بە گەڕانەوەی بۆ لای خودای ڕەحمان (أواب) و بە (منيب) لە قورئان ناوی هێناوە، لۆ؟ چونکە پەیامەکەی بەم شێوەیە، سروشتی پەیامەکەی ئیبراهیم پێغەمبەر بەم جۆرەیە، باڵیۆزێکە لە نێوان زەوی و ئاسمان لەگەڵ پەیامبەریش، سروشتێکی ئارامگر و هاوسەنگی هەیە، لۆ نموونە" ئەرکێکی جۆریی دروست دەبێ تا بەجێی بگەیەنێت، یەك لەمانە دروستکردنی (البيت)ە، دەبێ کابرا ناوەوەی زۆر جێگیر و زۆر هاوسەنگ بێت، سۆز و هەستە بە جۆشەکان کاری تێ نەکات، خێرا هەڵنەچێت، کە خودای ڕەحمان فەرمانی

پێ دەکات تۆم هەڵبژاردووە بڕۆن خۆت و خێزانت (بیت) لە ناو مەککە دروست بکەن، گوێش نەداتە نەبوونی ئاو و سەوزایی و خۆشی و شارستانییەت و پێشکەوتن لەم جێگەیەدا، لۆ؟ چونکە سروشتی پەیامی ئەو بەم شێوەیە، کەواتە" دەبێ پەیامبەرەکە خیلقەتی بەم شێوە بێت، سەیری کەسایەتی ئیبراهیم پێغەمبەر بکەن لە قورئان بەم جۆرەی هاتووە.

## سروشتی موسا پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات)

دێین موسا پێغەمبەر وەردەگرین، لە سەربڕین(ذبح)ی کوڕەکانیان، هەتا (الله) لە قورئان بە صولح بە صیفەی دروستکراوی (يُذَبِّحُ) نەك يذبحوا، (يُذَبِّحُ أَبْنَاءهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ)(القصص٤) پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی ڕەوشتی ماددیش، هەرچی پیاوە (يُذَبِّحُ) دەبێ سروشتی موسا پێغەمبەر بەگوێرەی ژینگەی خۆی بێت، موسا پێغەمبەر لەڕووی جەستەییەوە گونجاو بێت، ئاخۆ سروشتی لەگەڵ ئەو پەیامبەرایەتییەی کە لۆی دێتە خوارەوە چۆنە؟ ئەم ئاسۆیەی کە بە نیازە لە چ ئاستێکە تاکو بەجێی بگەیەنێت؟ ڕووداوێکی ژیانی موسا پێغەمبەر لە قورئان وەربگرین کاتێك کە دوو کەسی لەناو میسر بینی وادەکەونە جەنگ (فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى)(القصص١٥) تەنها یەك بۆکسی لێدا (فَقَضَى عَلَيْهِ) پێکهاتەی جەستەیی ئەم پەیامبەرە دەبێ هاویەکبوون (تطابق)ێکی هەبێت لەگەڵ سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە هاتووە ببێتە نوێنەریان، کەواتە" ویستی خودای ڕەحمان بەم جۆرەیە.

## نەرمونیانی عیسا پێغەمبەر (علیه السلام )

هەروەها بەهەمان شێوە عیسا پێغەمبەر، کە دەبێ دۆخێکی هەڵگەڕانەوەیی دروست بکات لەم کۆمەڵگەیەی کە تێیدایە، لۆیە سەیرێکی دۆخی عیسا پێغەمبەر بکەین دەبینین پڕە لە نەرمونیانی و ئارامی و جێگیریی و هاوسەنگی، لۆیە تەنانەت خیلقەتیان کە ئەم پەیامبەرانە چۆن دروستکراون هەر هەمووی لەژێر چاودێری خودای ڕەحمان دان. هەر لە سەرەتاوە خودای ڕەحمان چاودێرییان دەکات، کاتێك لە قۆناغی یەکەمی دروستبووندان، ئەمەش زۆر بە ئاشکرایی لە قورئان دیارە چ لەژیانی موسا پێغەمبەرو ژیانی عیسا پێغەمبەرو ئاخر رسول الله(علیهم السلام و البرکات) کەواتە" پێکهاتەی جەستەیی و فیطرە و سروشت و پەیامەکەشیان هەمووی دەبێ یەکبوونێك و هاویەکبوون (تطابق)ێکی تێیدا دروست ببێت، تا کاتێك ئەم مرۆڤە بینی یان گوێبیستی بوو بەهیچ شێوەیەك جۆرێك لە دوو فاقێتی (الإزدواجية) یان کەلێنێکی جۆریی لە نێوان قسەو کرداریان نەبینێت، تا بیانووی نەرێنی لە دواڕۆژدا نەبێت، سروشتی پێکهاتەی دروستکردنی ئەو پەیامبەرەی لەگەڵ ئەم پەیامەی هاتۆتە خوارەوە هەردووکیانی لەبەرچاو گرتووە، دروستبونی ئەم کۆرپەلەش لەنێو سکی دایکی و پەروەردە دەبێت خودای ڕەحمان هەمووی چاودێری کردووە.

لۆیه سەیری ژیانی موسا پێغەمبەر بکەن، یاداشتەکانی عیسا پێغەمبەر هەتا رسول الله پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئەم هەموو شتە لە قورئان ناوی لێنراوە بژاردن و پاڵفتەکردن (إصطفاء)، ئەمە پێش پێغەمبەرایەتی (النبوة)(إِنَّ اللهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحاً وَآلَ إِبْرَاهِيمَ) زنجیرەیەکن ( سیلسیلەن) (وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ * ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)(آل عمران٣٣-٣٤) ئەمانە زنجیرەیەکن، نەخشەیەکی مەزنە لەلای خودای ڕەحمان بەم جۆرە لەگەڵ تایبەتمەندی پەیام و پەیامبەراندا ئیش دەکات، لۆیە ئەو پەیامبەرانەی هاتوون لە ئادەمەوە هەتا خاتەم محمد(علیهم السلام و البرکات)، هیچ کاتێك نەمانبینیوە لە کاتی بەجێگەیاندنی پەیامەکەیان یاخیبوونێك و هەڵگەڕانەوەیەك و لادانێك و وازهێنانێك دروست بووبێت، جیا لە هەموو بیر و کۆمەڵ و پارت و گردبوونەوەکانی سەردەمی خۆیان و هی ئەو سەردەمەش یاخیبوونێك نەبووە، چونکە پاڵفتە (إصطفاء)ەکە کراوە هەر لە سەرەتا تاکو ئاستی پەیامەکە پاشان (إجتباء) کراوە.

(إجتباء) لە قورئان دا لەگەڵ زاراوەی (إصطفاء) جیاوازیی هەیە، ئەویش کۆکردنەوەی داواکانی پەیامبەرایەتییە لەم خودەی کە خودای ڕەحمان مەخلوقاتێکی دیاریکراوی هەبووە هەردەم ڕێنمونیی و ئاڕاستەی ئەم پەیامبەرەی بکا، لۆیە ئەگەر بڵێین جۆرێك لە (کەم و کوڕی) (تقصیر) کە شێوەیەك لە کەموکوڕیشیان هەبووبێت لە هزری خۆیان بە بۆچوون (إجتهاد)ی خۆیان کردوویانە، وەك ئەوەی کاری چاکیان کردووە تا بتوانن بەمە خودای ڕەحمان لەخۆیان ڕازی بکەن، چونکە هەر ئەوەیان لێ داواکراوە، لۆیە هەرچی گلەییەکانە لە قورئان بە گوێرەی (أنبیاء و الرسل) هاتبێت لەم چوارچێوەدایە.

موسا پێغەمبەر وا دەکات، نوح پێغەمبەر وا دەکات، لوط پێغەمبەر وا دەکات، یونس پێغەمبەر وا دەکات، لە قورئان دا هەمووی لەم بوارەیە، نەك هەڵگەڕانەوەیەك یان لادانێك بێت و گردبوونەوەیەك و پێچاو پێچێك (لولب) دروست بکەن لەناو ئەم بیرو تێگەیشتنەی کە خۆی پێی هاتووە، نەخێر لەمانە نییە.

## پەیوەندی ئیماندارو پەیامبەران

**خاڵی چوارەم:** لە بەرچی خودای ڕەحمان جەختی کردۆتە سەر ئیمان هێنان بەم پەیامبەرانە؟ بێگومان گوتمان ئیمان هێنان (باللە) ئەمە بابەتێکە و دەبڕیتەوە و لەگەڵ ئیمان هێنان (بالیوم الآخر) جیایە، کە ئەویش بابەتێکی ترە، ئیمان هێنان بە پەیامبەران (الإیمان بالرسل) بابەتێکی تایبەتییە، لۆ خودای ڕەحمان داوا لە مرۆڤایەتی دەکات کە ئیمان بە پەیامبەرانیش بهێنن؟ چونکە ویستی ڕاستەقینەو کردەیی خودای ڕەحمان لە بەشەرییەت بەهۆی پەیامبەرەکانەوە دەگوازرێتەوە، (بەبێ وێکچواندن) پەیامبەرەکان وەزیری ڕاگەیاندنی بیسراو و بینراو و خوێنراون، تاکو بتوانن بە کردەیی هەرچی خودای ڕەحمان ویستویەتی تەنانەت بە ئادگاری دەم و چاویان بە دەم و چاویان، بە دەربڕینەکانی دەموچاویان، پەیامەکەیان گواستۆتەوە، بە دەست و جووڵانەوەی دەستیان

پەیامەکەیان گەیاندووە، بە خەوتن و هەستانیان و بە هەموو شتێکیان پەیامەکەیان گواستۆتەوە، کەواتە" ویستی خودای ڕەحمان لەم هەموو شتانەیە کە مرۆڤەکە دێ ئەوانە بە هێما دەبینێت، ویستی خودای ڕەحمان لەمانەوە دەبینیت لۆ ئەوەی ئیمان بە خودای ڕەحمان بێنیت دەبێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئیمان بەم پەیامبەرانە بێنێ.

هەرچی ئەوانە دەیکەن دروستە و لە خواوە هاتۆتە خوارەوە، ئەگەر ئەم ڕەهەندە ئاسۆییە لە نێوان مرۆڤ و پەیامبەرەکە نەبێت پەیوەندییە ستوونییەکەش لە نێوان مرۆڤەکە و خودای ڕەحمان دروست ناکرێت و دروستیش نابێت، لۆیە ئیمان هێنان بە پەیامبەران بنچینەیەکە خودای ڕەحمان کردوویەتییە حەقی خۆی، مافێك هی خۆی نەك مافی بەشەرەکە، داوای لە کۆی بەشەرییەت کردووە کە ئیمان بە پەیامبەرەکەی بهێنن، نەك پەیامبەرەکە بێت و بڵێت وەرن ئیمانم پێ بێنن من گوازەرەوەی بابەتم لەلایەن خوداوە، نەخێر، خودای ڕەحمان داوا لە بەشەرەکە دەکات، ئینجا کاتێك ئەم پەیوەندییە ئاسۆییە لە نێوان مرۆڤ و پەیامبەرەکە دروست بوو، ئەو کاتە پەیامبەرەکە دەتوانێت پەیوەندییە ستوونییەکەی نێوان خۆی و خودای ڕەحمان لۆ بەشەرەکەی بگوازێتەوە.

(بەبێ وێکچوواندن) بڵێین پەیامبەرەکە ئاوێنەیەکە و تیشکی خۆر لە ئاوێنەکە دەدات و ئاوێنەکەش کەمێك لەم تیشکە لۆخۆی ڕابکێشێت و بڕێکیش دەداتەوە و دەبەخشێتەوە، ئەگەر هاتوو ئاوێنەیەکی تریش لەبەرامبەریدا هەبوو یان هەرشتێکی تر هەبێت و بتوانێت بیگرێتە خۆی، ئەو خود و کەسە ئەم مرۆڤە کە ئیمانی بە پەیامبەرەکەی هێنا، ئەو کاتە پەیامبەرەکە دەتوانێت چەمك و مانای خودای ڕەحمان و پەیوەندییەکانخودای ڕەحمان لۆ مرۆڤەکە بگوازێتەوە، لۆیە پەیوەندی نێوان ئیمانداران لەگەڵ پەیامبەران جیایە لەگەڵ پەیوەندی دروستکردن لە نێوان مرۆڤ و خاوەن بیر و بیرمەندان، لە نێوان مرۆڤ و خاوەن بیروباوەڕەکان و خاوەن فەلسەفەکاندا.

واتە" کابرای خاوەن فەلسەفە و بیر دەتوانێت لە بیرۆکە و فەلسەفەی خۆی بۆچوون (إجتهاد)ی هەبێت، بە درێژایی مێژوو بیستومانە بیرۆکەی فلانە کۆمەڵ سەرکردەیەکی بیریی (فكري) لێ دروست دەبێت و دەتوانێت بۆچوون (إجتهادات) بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایینەکە بەم شێوەیە نییە و کەسەکان تیاییدا ئیمانیان هەیە بە پەیامبەرەکەی و پەیامبەرەکەش نوێنەری ویستی خودایە لەسەر بوون و مافی بۆچوون (إجتهادات) نییە، کەواتە" دەبێ سەدا سەد بە پەیامبەرەکەیەوە پابەندبێت، لۆیە گوێڕایەڵی ڕەها لۆ پەیامبەرەکان هاتووە، لەبەرچی؟ چونکە لەناو ناوەوەی هەمان ئەو بەشەرە ئیماندارەی گومانێك نییە کە ئەم پەیامبەرە، نوێنەری ویستی خودایە' لۆیە دەبێ ئەو پەیوەندییە ئاسۆییە دروست ببێت، لەبەر ئەمەشە مانای ئیمان وەکو پێشتریش گوتوومانە بەڕاست زانین و دانپێدانان (التصديق و الاعتراف) نییە.

وەکو کەسە دکتۆرەکە بڵێت نابێت جگەرە بکێشیت و کەچی خۆیشی جگەرەکەی لەسەر لێوەکانیتی! ئەمە بەڕاست زانین (تصديق)ە، بەڵام لە ناوەوەی خۆی دانپێدانان نییە، دکتۆرەکە خۆی دەزانێت جگەرەکە خراپە، بەڵام خۆی لەگەڵ خودی خۆی لەڕووی تەندروستییەوە ڕاستگۆ نییە،

ئەو قەناعەتێك و بڕوایەكی هەیە، بەڵام خۆی لە ناوەوەی خۆی هەر وەك ئیسفەنجێك لەناو ئاوێكی دابنێیت هەموو شانەكانی پڕ ببێت ئاوا نییە، بە كردەیی نەكردووە، تەنیا كۆمەڵە زانیارییەكە لە مێشكی، لۆیە ئیمان مەعریفە نییە، ئیمان تەنیا بەڕاست زانین نییە، ئیمان تەنیا دانپێنان نییە، تەنیا گوتنیش نییە، ئیمان تەنیا كرداریش نییە، بەڵكو شتێكی بنەڕەتییە لە ناوەوە، بەبێ ئەتەكێت و بەبێ خۆنواندنی هونەرییانە لۆ واقیع دەگوازرێتەوە، ئیمان شتێكی بنەڕەتییانەیە لە ناوەوەو هەر لەناوەوەش دروست دەبێ و پاشان بە كردار لۆ دەرەوە نمایش دەكرێت، لۆیە پەیامبەران نوێنەری ویستی خودانە تا بەم هەمووەی بتوانن چەمكی ویستی خوایی لۆ بەشەرەكەی بگوازنەوە.

## ئیلحاد لە قورئاندا نییە!

**خاڵی پێنجەم:** كۆمەڵێك كێشە لە نێوان پەیامبەر و بەشەرەكاندا هەبووە، ئەویش هەندێك لەو بەشەرانە لەوە تێنەگەیشتوون، كە خودای ڕەحمان پەیوەندیی لە گەڵیاندا هەبێ، ئەم كێشەیەش بە درێژایی مێژووی ئایینەكان، فەیلەسوفەكان و بیروباوەڕ و شارستانییەكان هەر هەبووە، بەشەرییەت وای بۆ نەچووە كەوا نموونەیەك هەیە وەكو خۆی" دوو چاو و دوو گوێی هەبێت و بخەوێت و هەست بە خۆشی و ناخۆشی بكات و وەكو ئەویش بژیێت. كێشەی ئەمڕۆی بەشەریەتیش هەمان شتە، لە بیرۆكەی پەیامبەرایەتی پەیامبەران تێناگات، لۆیە چەمكی (ئیلحاد) لە قورئاندا نییە، چونكە بەكردەیی و واقیعیانە نییە، (ئیلحاد) لەناو میشكی بەشەر نییە، چەمكی ئیلحاد و نەبوونی خودای ڕەحمان بە هیچ شێوەیەك لەناو هزری بەشەرییەتدا نییە، بەهیچ شێوەیەك، ئەمە درۆیەكی هەڵبەستراوە لەم چەند ساڵەی تەمەنی مرۆڤایەتی كە هەیە و ماوەیەكی كەمیشە دروست بووە، تەنیا (٧٠-٨٠) ساڵێكە لە تەمەن و بوونی گەردوون، لە نێو بوون نەبووە بەشەرێك بڵێ خودای ڕەحمان نییە، هێزێكی مەزن نییە توانا و ئەم دەسەڵاتەی هەبێت، ئەمە لە مێشكی بەشەردا نەبوو، تەنانەت خۆیان هەڵگرانی پەیامە ئایینەكان باس دەكەن هەر لە مرۆڤی نیاندەرتاڵ كە خۆیان لێی دواون.

كەواتە" ئەم ماوەیەی هەیە ئەوە درۆیەكی گشتی، درۆیەكە بەشەر خۆی لەگەڵ خۆی ئەنجامی داوە، لۆیە نەیتوانیوە ڕۆژگارێكی زۆر خۆی بگرێت و بەردەوام بێت. كەواتە" هەر لە بنچینەدا لە ناوەوەی مرۆڤ چەمكی خودای ڕەحمان یان خودای ڕەحمان لەنێو ناوەوەی وەك چەمك دروستكراوە، بەڵام لەمە كێشەی ئەوە بووە حاڵی نەبووە ئەو خودای ڕەحمانەیە پەیوەندی لەگەڵ بەشەر ببێت، لۆیە لە فەیلەسوفەكانی وەك ئەفلاطون و سوقڕاتیش ئەم كێشەیان هەبووە، بەڵێ خودای ڕەحمان هەیە و دان دەنێن بە بوونی و دان بەمەش دەنێن كە دروستكەرە، بەڵام دانیان نەناوە بە پەیامبەران ئەوە كێشەی پەیامبەران بووە، ئایا ئەم كێشەیە كەی دەرەوێتەوە؟ بێگومان بەم ڕیزبەندییە، بە كردەیی مرۆڤەكە ئیمان بێنێت بە خودی خودای ڕەحمان بەگوێرەی ڕیزبەندی دابەزینی قورئان (ترتیب النزول) قیرائەی بكات، وەكو باسمان كردووە لە وانەكانی شەشەم و

حەوتەمدا، هەڵدەستێت بە قیڕانەكردنی لادان و لێكدانی گەردوون كە بە ناوی (ساعة) لە قورئان دا ناوبراوە (الیوم الآخرة)، ئەو كاتی بە كردەیی ئەم گەردوونە بەم شێوەی ئێستا كەوتۆتە ڕێ و هەموو ئەم دروستكراوانە بەرنامە و پەیڕەوی خۆیان هەیە، پەیوەندی و ئەڵقەی گەیاندن لە نێوانیاندا هەیە، پەیوەستێكی جۆریی هەیە و هەموویان پێویستییەكانی یەكتر جێبەجێ دەكەن، كەواتە" ئەمە بە هەڕەمەكی نەكراوە، هەموو بەگوێرەی ویستێكی دیاریكراو و ویستێكی تایبەتی ئەم خودایە كردوێتی، كەواتە" بە گوێرەی مرۆڤیش ئەو ویستە هەر بوونی هەیە، بەم چەمك و تێگەیشتنەی ئیمان بە پەیامبەران دروست دەكرێت.

## خودای ڕەحمان بەندەكانی فەرامۆش ناكات

گەیشتن بە هەموو ئەوانە هەوڵ و ماندووبوونیان دەوێت، لۆیە شەوانە دەبێت مرۆڤی موسڵمان دابنیشێت لۆ ئیمان هێنان بە خودای ڕەحمان و ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی، ئیمان هێنان بە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەم دروستكراوانە و خودی ئەم مرۆڤە، دەبێ (الإیمان باللە، و الیوم الآخر، الإیمان بوجود علاقة بین هذە المخلوقات مع ذات الأنسان) بێنێت، كە ئەمانە هەموویان پەیامێكیان هەیە و هەمووشیان لۆ (الیوم الآخرة) دەڕۆن، كاتژمێری سفریان دەستی پێكردووە و ئەم مرۆڤەش دەڕوات، كەواتە" خودای ڕەحمان ئەم مرۆڤەی فەرامۆش نەكردووە و دەستی لێ هەڵنەگرتووە، دەبێ بەرنامە و پەیڕەوێكی هەبێت، بەڵام ئایا ئەم بەرنامەیە كێ دایدەبەزێنێتە خوارەوە؟ خودای ڕەحمان، لە ڕێگەی پەیامبەرانی ئاسمانەوە لۆ پەیامبەرانی سەر زەوی، كەواتە" ئەم مرۆڤەی كە نوێنەرایەتی ویستی خودای ڕەحمان بكات دەبێت پەیوەندییەكی وەكو چۆن ئیمانی بە خودای ڕەحمان هێناوە ئەو كەسە بەهەمان شێوە ئاسۆییەكە ئیمان بێنێت بەو كەسەی كە پەیامبەرە (الإیمان بالرسل) كە بنەما و بنچینە (الركن)ی لاوەكی یەكەمە لە چەمكی چۆنییەتی ئیمان دروستكردن لە ناوەوەی مرۆڤ، بە پیادەكردن و دووبارەكردنەوە وا دەكات مرۆڤەكە بە كردەیی مامەڵە لەگەڵ پیغەمبەر (علیە السلام و البركات) بكات، یاساییانە بە ئەتەكێت و بە پێنووس و پەڕاو مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەر (علیهم السلام و البركات) نەكات، بەڵكو مامەڵەیەكی ناوەوەیی و فیطڕەیی بێت.

ئێمەی گەنجان تووشی ئەم حاڵەتەی بووینە، ئەو كاتە ئەم حاڵەتە دەگۆڕدرێت لۆ حاڵەتێكی ڕاستەقینە، حاڵەتێك بە كردەیی گوێڕایەڵی (السمع و الطاعة) نەك سەربازێتی (الجندیة)، لۆ مرۆڤی ئیماندار نەهاتووە ببێتە سەرباز و گوێڕایەڵی بكات، لە قورئانیش نەهاتووە ببێتە سەرباز و گوێڕایەڵی هەبێت بەبێ ئەوەی لە ناخی ویستی هەبێت، نەخێر ئەمە لە بەشەرییەت داوا نەكراوە، بەڵكو دەبێ بە ویستی خۆی گوێڕایەڵی بكات، بە چی؟ چاكەو خراپەییەكەی لە پێش چاوی بە ڕوونی ئاشكرا بێت و چاكە و خراپەكەش خودای ڕەحمان لۆی دیاریی بكات، ئەو كاتە ئەم پەیوەندییە جۆرییە لە نێوان خودی مرۆڤ و پەیامبەرەكە دروست دەبێت، لۆ نمونە" لە بوخاری دەبینیت نووسراوە ریش بەجێبێلن ئەوەندەی لێ بهێڵنەوە و ئەوەندەی لێ ببڕن، بەڵێ كابرا ڕیشەكەی

بەجێدێلێت وەك ئەوەی بچێتە قوتابخانە چۆن سەیری خشتەی وانەکانی دەکات، بینیوتانە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) فەرمویەتی: (لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ)(رواه الإمام أحمد)، سیواکێکی نیومەتری لەگیرفانی دادەنێت، هەتا لە کاتی دەست نوێژ شوشتن و نوێژکردن واتە" ئیمانەکەی بە خودی رسول الله(علیه السلام و البرکات) وای لێدەکات کاتێك لەسەر حەنەفیەی دادەنیشێت و ئاوی دەکاتەوە دەڵێت: پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەم جۆرە دەست نوێژی شوشتووە، ئەمە ئیمانە، پێغەمبەری دێتەوە یاد، بەم شێوەیە دەمی خۆی خاوێن کردۆتەوە، ئاوەکەشی بەم شێوەیە بە دەم و چاوی داکردووە، پەیوەندییەکی ڕیشەیی، پەیوەندییەکی دڵیی، نەك میکانیکی، نەك وەزیفی، فەرمانبەرە و لەسەریەتی لە کاتژمێر (٨)ەوە تاکو کاتژمێر(٣) لەسەر مێزەکەی دابنیشێت، ئەو کەسە پەیوەندییەکی ئیمانیی نەك (نفس)ی، ئاست بەرزی (نفس) دەردەچێت، بەڵام ئیمانەکە دەمێنێتەوە، نەفس کاتییە، بەڵام ئیمانەکە بەردەوامە، کە مرۆڤەکە مرد نەفسەکە دەڕوات، بەڵام ئیمانەکە دەبێتە کارتی چوونە ناو بەهەشتی، کەواتە" ئەو دۆخە بەم بەردەوامییەتەی و پیادەکردنەوە لە ناوەوەی مرۆڤەکەی پەیوەندییەکی جۆریی لەگەڵ خودی پەیامبەرەکەی دروست دەکات، بە تایبەتیش پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)و خاتم النبیین، لۆیە سەیری بکەن لۆ نمونە" لە نێوانی (موصعەب) و پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) پەیوەندییەکی جۆریی هەبوو، بەڕاددەیەك ڕوون بوو کە بەرگەیان نەدەگرت (بە پشتیوانی خودای ڕەحمان لە وانەی داهاتوو دێینە سەر باسکردنی دروست کردنی ئەم جۆرە پەیوەندییە).

## تایبەتمەندیی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

**خاڵی شەشەم:** جیا لە پەیامبەران، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە ڕووی وشەسازییەوە تایبەتمەندی هەموو (أنبیاء و رسل)ی دراوەتێ، لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییش توانای هەموو پەیامبەرانی دراوەتێ، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کۆتا پێغەمبەرە لۆ هەموو مرۆڤایەتی، کە ئەو دێت بە میرات خەڵکێکی زۆر لە جوولەکە دەمێنن، هەروەها خەڵکێکی زۆریش بە مەسیحی دەمێنن بە ملیار، بە ملیۆنەها جولەکە هەن، ئاگر پەرست هەیە، بوذی هەیە، خودای ڕەحمان موسا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ی دروستکردبوو تەنیا لۆ جولەکە، کەواتە" سروشت و پێکهاتەی ناوەوەی موسا پێغەمبەرو پێکهاتەی جەستەیی موسا پێغەمبەر لەم ئاستەی بوو کە بە کردەیی بە شێوازی خۆی بە ویستی خودای ڕەحمان، بە تەوڕات و بە هەڵوێستی بەشەریی خۆی بتوانێت لە جولەکە تێبگات، بتوانێت تەواوی وشەی خودای ڕەحمان لۆ جوولەکە ڕوونبکاتەوە، هەر کەم و کوڕییەك لە موسا پێغەمبەر دەبێتە بیانوویەك لە دەستی جوولەکە و لە ڕۆژی دوایی دەتوانن وەکو ڤیدیۆیەك بەکاربێنن.

کەواتە" موسا پێغەمبەر نابێ کەموکوڕیی لە ناوەوە و دەرەوەی هەبێت لۆ جێبەجێکردن و بە جێگەیاندن و کردارەکانی، عیسا پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) بەهەمان شێوە، کە پێغەمبەرمان(علیه

السلام و البرکات) دێت خودای ڕەحمان بەم شێوەیەی دروستی کردووە، دەبێ توانای موسا پێغەمبەری هەبێت لۆ ئەوەی بە ڕاستی ئەگەر هاتوو جوولەکە بوون (بنو قەینوقاع و بنو قریظة)و جوولەکەی هەموو گۆی زەوی ئەوا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کە (خاتم الرسل)ە بتوانێت لە ئاستی موسا پێغەمبەر پەیامەکە بگەیەنێت و ڕوونکردنەوە (تبلیغ و تبیین) بکات، تا بیانوویان لەسەر ئەویش نەمێنێت، کەواتە" تەکالیف و تواناکانی موسا پێغەمبەر لە لای پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەیە، وەك وشە و توانای جەستەیی.

بەڵام عیسا پێغەمبەر کە هاتووە لۆ کۆمەڵی جوولەکەکان، تا ببنە ئیماندار بەوی و ببن بە مەسیحی، بە ملیۆنەها مەسیحی بە میرات لۆ پێغەمبەر دەمێنێتەوە، کەواتە" سروشت و وشەکانی عیسا پێغەمبەریش لە ناوەوەی پێغەمبەرمان دەبێ هەبێت، تا بە کردەیی کە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ کۆمەڵێکی مەسیحی ڕووبەڕوو بوویەوە بتوانێت لە ئاستی عیسا پێغەمبەر باوەڕیان لا دروست بکات، ڕوونکردنەوەیان لۆ ئەنجام بدات و لۆیان ڕوونبکاتەوە، تاکو دیسان مەسیحییەکانیش بیانوویان لەسەر پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) نەمێنێت، کەواتە" پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کۆکەرەوەیە لۆ ئەرك و بەرپرسیارێتی و تەکالیفی ئەم هەموو (أنبیاء و رسل)انە، هەریەك بە قەبارەی خۆی، قورئانەکەش هەمان شتە لە ئاستی تەوڕات و ئینجیل و زەبوور و صوحوفی ئیبراهیم و موسا و هەمووی لەم ئاستەیە، نەتەوە (أمة) کەشی دەبێت لە ئاستی قورئان و پەیامبەرەکەی بێت، ئومەتەکەشی لە هەموو سەردەم و شوێنێك دەبێ لە ئاستی قورئانەکەی بێت کە لە ئاستی هەموو پەرتووکەکان و هەموو قورئانەکەی تێگەشتووە، لە پەرتوکەکانی ئەوانیش گەیشتووە، لە هەمان کاتیش لە ئاستی پەیامبەرەکانیش بێت، بە کردەیی بتوانێت (تبلیغ و التبین) بکات، ئومەتی ئەویش کە نوێنەر و وەکیلی ئەون لەسەر زەوی لۆ هەموو مەسیحییەکان لۆ هەموو جوولەکەکان و ئەوانەی کە نەزانن (جاهیل)ن لە ئاستی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و قورئانەکە، نەك لە ئاستی تێگەیشتنی خۆیانی واقیعی کە ئەمە ڕەتکراوەتەوە.

کەواتە" ئیمانەکە (باللە، بالیوم الآخر) و بالرسل و بەتایبەتی پێغەمبەرمان (رسول الله)(علیه السلام و البرکات)ە ئەم جۆرانە دروست دەکات، خودای ڕەحمان پشتیوانمان بێت و یارمەتیدەرمان بێت، داوا دەکەم ئەم نموونانەمان لێ درەبچێت.